بەرنامەی کارکردنی موولیدە ئەهلییەکان بە مانگی رەمەزان گۆڕانکاری تێدا کرا

بەوەبەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانی رایگەیاند کە دووبارە بەرنامەی کارکردنی موولیدە ئەهلییەکان بە مانگی رەمەزان گۆڕانکاری تێدا کرا و رۆژانە لە دوو کاتی جیاوازدا کار دەکەن.

بەوەبەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانی لە راگەیەندراوێکدا هاتنی مانگی رەمەزان لە هەموولایەك پیرۆز دەکات و رایدەگەیەنێت کە "لەمانگی رەمەزاندا رۆژانە موولیدەکان لە کاتژمێر (1)ی پاشنیوەڕۆ تا کاتژمێر (1) ی شەو کاردەکەن".

کارەبای سلێمانی دەڵێت: "موولیدە ئەهلییەکان لە کاتژمێر (1)ی شەو بە (3)ی بەرەبەیانی کارناکەن".

ئەوەشی خستووەتەڕوو کە دواتر لە "کاتژمێر (3)ی بەرەبەیانی بە 5:30 خولەکی بەیانی کاردەکەن".

بەوە بەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانی راشیگەیاندووە کە "بەپێی ئەم بەرنامە نوێیە مووڵیدەکان بەیانیان لە 6:30 خولەك بۆ 8ی بەیانی کارناکەن و ڕۆژانی هەینی و پشووەکانیش هەمان بەرنامە دەبێت".

پێشتر بەوە بەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانی ڕایگەیاند کە لە مانگی ڕەمەزاندا کارکردنی مووڵیدەی ئەهلی گەڕەکەکان دەگۆڕێت و ڕۆژانە لە 1ی نیوەڕۆوە تا 5:30 خولەکی بەیانی کاردەکەن.